# پاش كۆچی تۆ

* كاوەی خەسرەوكاوانی *



پاش كۆچی تۆ هەنگاوەكان دژی یەكن
بەیانیان خۆردرەنگ دەردێت,
شەوان ئەستێرەكان گەش نین
باڵندەكان سەرلێشێواو دەفڕن سەرشێت ,
پاش كۆچی تۆ رەنگەكان رەونەقی خۆیان
لەدەست داوە,
شاری ئاوەدانی دڵم
كۆندەپەپۆ لێ ی خوێندووەوە
سەرتاپای بۆتە كەلاوە,
پاش كۆچی تۆ هەرچی مۆسیقای ژیانە
لای من ئاوازی ماتەمە,
خەندەو قاقای من هەنسكەو
خۆشی و شادیم
سەرچۆپی و گاوانی خەمە,
پاش كۆچی تۆ سەرەتاكان
بەچەشنی پەیڤی كۆتایین,
هێزی بینایی دیدەكانم كزبووە و
جوانیەكان وەكو تارماییین,
پاش كۆچی تۆ ناخ دارستانێكی چڕی گڕگرتووە,
جولەی ژینم وەك بێ رۆحی
قولای دەریای مردووە,
پاش كۆچی تۆ بەهارم خەزان ئاوەرەو
ئاراستەی روو لە پاییزە,
رۆژگارسەختەو
گەردوون بیانوو بە من دەگرێ ولەمن زیزە,
پاش كۆچی تۆ هەرچی ووشەی خۆشەویستین
تۆ لەگەڵ خۆتابردووە,
هەرچەند دڵم لە لیدانە
باوەڕبكە بەبێ تۆ دڵی مردووە,